# کێ ڕووەکەی تری " وەفیق "ە، حەمەسەعید یان. . . ؟

تاهیر سالح شەریف
Taher4@msn.com

له کوردستاننیتی (٢٠٠٢/١٢/٢٠) دا لاپەرەیه ك له ژیر ناو نیشانی (وەفیق و حەمەسەعید حەسەندوو  ڕووی یەك دراون) بلاوكراوه تە وە. ئەو لاپەرەیه" نە ووتار " وو نە دەتوانریت بنەماکان و تەکنیکەکانی ووتار نووسینیشی تیدا بدۆزریتەوە. لاپەرەکە زیاتر لە نامەیەکی نارەزایەتی، یان بە واتایەکی روون تر ( عەریزه) یەك دەچیت کە ئیمزاکەرەکەی " محمد هەریری " له دژی کاك " حەمە سەعید حەسەن " بەرزی کردووەتەوە بۆ کوردستاننیت. لە بەر ئەوە، ناکریت بلین کە خاوەنی لاپەرەکە "نووسەر" ە و لاپەرەکەش " ووتار " ە. . ڕاستر وایە کەبلین خاوەنەکەی " عەریزه نووس" ە و لاپەرەکەش تەنها عەریزەیەکی پر لە کینە و بیزاریە بەرانبەر حەمەسەعید و کوردستاننیت.

ئەوەی کە ناچاری کردم وەلامی ئەو لاپەرەیه بدەمەوە، نە ئەوەیه من لە گەلْ هەموو ئەو بیروڕایانەدا بم کە کاك حەمەسەعید لە نووسینەکانیدا گەلالەیان دەکات و لە سەر بنەمای " هاوڕایی" یەکەوە پاریزگاری لێ بکەمو نە ئەوەشە کە ئەو لاپەرەیه پرسیاری مەعریفی، یان سیاسی ووروژاندبیت بەلکو لەو ڕووەوەیه کە ئەو ڕاستیه بخەمە بە ر چاوی خوینەر کە لاپەرەکە گوشەیەکی زۆر بچووك لە کینەو رقی ڕەوتە سیاسیە ئیسلامیەکان ویەك بە یەکی ئەندامەکانیان دەخاتە ڕوو بەرانبەر بە کەسانی پیشکەوتوو خواز (بە تایبەتی نووسەران) . . یان بە دەربرینیکی تر، ئەو قسەو قسەلۆکانەی کە برای عەریزەنووسمان بە کاك حەمەسەعیدی دەفرۆشیت، بە دلنیاییەوە دەلیم کە تەنها قسەو قسەلۆکی ئەو بەریزه نیه، بەلکو ئەو ە قسەی هەموو ئەو کەسانەیە کە بە ئایدۆلۆژیایەکی ووشك و تیرۆرستیەوە پەروەردە کراون و دەکرین.

هەر وەك لە چەندین نووسراومدا جەختم لە سەر کردووە :لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە هەر جۆرە " ڕەخنەگرتن" و گفتوگۆیەکی ڕەخنەگرانەی ئازاد، تەنانەت هەر جۆرە ڕەت کردنەوەیەکی ئەو شتانەی کە لە " دەقە پیرۆزە" و نەگۆرەکەدا ووتراون بە " کفر " دەژمیردریت و دەست بردن بۆ لیکۆلینەوەیەکی ڕەخنەگرانەش لە بارەی ئەوانەوە بە جنیو و سوکایەتی بە بیروباوەری موسلمانەکان لە قەلەم دەدریت، کە سزایی کاریکی لەو جۆرەش مەرگی حەتمی و ڕەت نەکراوەی ڕەخنەگرو لیکۆلەرەوەیە، هەرچەندە کە پەشیمان بوونەوەیشی لە دوابیت.

هیچ کاریك ئەوەندەی دەست بردن بۆ لیکۆلینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە سەر ئاینی ئیسلام، کتیبەکەیی و میژووە خەلتانی خوین بووەکەی مەترسی دار نیە بۆ لیکۆلەرەوە و ڕەخنە گر. ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن یاری بە ئاگر دەکەن چونکە پیش هەموو شتیك مەرگی خۆیان رادەگەیەنن.

برای عەریزە نووسیشمان هەمان پەیامی خۆیناوی و تیرۆریستی بۆ کاك حەمەسەعید و ئەو نووسەرانەی تر پییە کە ئاینی ئیسلام ڕەت دەکەنەوە، بەلام بە فۆرمۆلبەندی یەکی تەموو مژاوی ترەوە. ئەو دەلیت : (. . . هچ لە نووسینەکانی حەمەسەعید لە نووسینیکی بابەتی و ریزدار ناچن. دوا نووسینی کە لە سەر وەفیق سامرا یی نوسیبووی، لای من جیاوازیە کی هیندە گەورە لە نیوان وەفیق و حەمەسەعید حەسەن دا نیە، ئەو دوژمنی میللەتەکەمەو ئەمیانیش دوژمنی دینەکەمە، زۆر بێ شەرمانە وەك سیفەتیکی نەگۆری نارەزایەتی نیشان دەدات لە بەر ئەوەی کە گۆنگرەی ئۆپۆزسیونی عیراقی ئاینی ئیسلامی بە ئاینی ڕەسمی دەولەت ناسی بوو و بە سەرچاوەیەکی گرنگی یاسادانانیشی دانابوو.) .

نووسینەکانی حەمەسەعید بابەتی و ریزدار نین. . ئەو جیاوازیەکی نیە لە گەڵ وەفیق سامەرایی دا. . ! ! حەمەسەعید دینی ئیسلام وەك سەرچاوەی یاسادانان رەت دەکاتەوەو دوژمنی میللەتە. . ! ! وەفیق سامەرایی بەشداربووە لە پرۆسەی جینۆسایدی میللەتی کورددا، بە هەمان شیوەش حەمەسەعید بەشدارە لە پرۆسەی رەت کردنەوەی ئاینی ئیسلامدا. هەردووکیان وەك یەك تاوانبارن. تاوانەکەی حەمەسەعید یەکسانە بە تاوانەکەی وەفیق ؟!. . . ئەمە ئاوەژۆکردنەوە، یان راڤە کردنی هەلەی من نیە لە سەر ئەو چەمك و ئایدیایەی کە لە لاپەرەکەی " محمد هەریری" دا نووسراوە. ئەو ە بوختانی من نیە بۆ خاوەنی ئەو لاپەرەیە، ئەوە پەیامی راست و دروستی ئیسلامە بۆ مرۆڤایەتی سەردەمی شۆرشی تەکنەلۆژیایی زانیاری. ئایا ئەو تیروانین و هەلویستەیکە نووسەری لاپەرەکە دەریبریوە راستی ئەو قسانەم ناسەلمینیت کە لە پیشەوە دەربارەی هەلویستی ئاینی ئیسلام بەرانبەر بە نووسەران و رەخنەگرانی ئاتەیستی ئیسلام کردم ؟ قبوڵنەکردنی ئاینی ئیسلام وەك سەرچاوەی یاسادانان، تاوانەکەی بە قەدەر تاوانی مرۆڤ کوشتنی بە کۆمەڵ و جینۆساید گەورەیە. . . بەلاّم راستیەکەی ئەوەیە کە ئەو جۆرە هەلویست و فەتوایانە بەرانبەر بە نووسەرانی ئاتەیست خۆی هەنگاویکە لە راستای جینۆساید کردنی بەشیك لە مرۆڤایەتیدا.

ماوەتەوە لە کۆتایی دا چەند پرسیار ئاراستەی برای عەریزە نووسمان بکەم : ئایا حەمەسەعید رووەکەی تری وەفیق سامەرایی یە، یان ئەو برا موسلمانانەی کە لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیونی عیراقیدا لە گەل وەفیق سامەرایی " نیشتمان پەروەر ! ! " دا کۆدەبنەوەو نەخشەیان بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلاّت لە ئایندەی عیراقدا دەکیشا ؟ ئایا حەمەسەعید رووەکەی تری وەفیق سامرایی یە یان ئەو " شۆرشگیر"و " خەباتگیر" و " نیشتمان پەروەرانەی! ! " کورد و عەرەب کە لە گەل ئەودا لە ژیر چەتری کۆنگرەیەکدا پلانیان بۆ دوارۆژی سیاسی عیراق دادەنا ؟ بۆچی بەرانبەر بە" نووسەر"یك پینووس بە دەستەوە دەگریت و دەنووسیت حەمەسەعید و وەفیق سامەرایی جیاوازیەکیان نیە، بەلاّم بۆ جورئەتی ئەوە ناکەیت ئەو دەستە چەورە بسریت بە سەر سەرانی پارتە ئۆپۆزسیونەکاندا، بە تایبەتیش برا ئاینیەکانت لەو کۆنگرەیەدا. . ؟

٢١دیسەمبەری ٢٠٠٢

تۆرونتۆ–کەنەدا